کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

کچی کورد لە چوارچێوەیەکی داخراودا!

زۆرجار لەوە دەکۆڵنەوە کە گوایە جیاوازی لە نێوان کوڕ و کچدا نەمێنێت ! بەڵام بە داخەوە تائێستا بە شێوازێکی وا کاری بۆ نەکراوە کە جیاوازیدانانەکان نەمێنن!

گەر بمانەوێت بۆ نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان ئەو دوو رەگەزەدا هەنگاو هەڵێنین، پێویستە هەر لە قووتابخانەدا دەست پێبکەین و زۆر پێویستە نەک تەنیا هەر قووتابخانە، بگرە لە باخچەی مناڵانیشدا، شارەزایانە و زانستییانە هەوڵبدرێت کە ئەو هەنگاوە ئەرێنییانە بۆ نەهێشتنی ئەو جیاوازییانە بهاوێژرێن و لەو پێوەندییەشدا پێویستە وەزارەتی پەروەردە یاسا تایبەتەکانی تایبەت بە پەروەردە و فێرکردن بەشێوەیەکی زۆرباش جێبەجێ بکات و هەوڵبدات بۆ پەرەپێدانی زیاتر بەوان و لە هەمانکاتدا مامۆستایان و ئەرکدارانی ئەو بەشە، واتە بەشی پەروەردە ،ئەو یاسایانە بخەنە چوارچێوەی جێبەجێکردنەوە!

هەوڵدان بۆ فێرکردنی منداڵان لە مەڕ ئەوەی کە کچان و کوڕان وەی یەک مرۆڤن و پێویستە مافی وەک یەکیان هەبێت،یەکێکە لەو ئەرکە گرنگانە کە پێویستە هەر لە قۆناغی سەرەتاییدا هەوڵی بۆ بدرێت!

لەم باسەماندا زیاتر تیشک دەخەینە سەر ئەو کچانەی کە هەردەم دەچەوسێنەوە و هەردەم بێ مافیان دەهێڵنەوە و وا فێردەکرێن کە قسە نەکەن و زۆر وریا نەبن و خۆیان وریا بار نەهێنن، بۆ ئەوەی چاو و گوێ نەکەنەوە و لە هەموو جوانییەکی ئەم جیهانە بێبەش بن!

بە داخەوە زۆرجار کچانی ئێمەی کورد وافێردەکرێن کە کچ ئەو کچەیە زۆر بێدەنگ بێ و لە دەرکی حەوش و ماڵ نەیەتە دەرەوە و قسە نەکات. ئەو شێوە فێرکردنە کچ وا باردێنێت کە کاتێک ئەو کچە هاوسەری هەڵبژارد یان بۆیان هەڵبژارد و بوو بە خاوەنی منداڵ، ئەودەم دەزانێت کە تووشی چ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بووە!

زۆرن ئەو کچانەی کە لە ماڵی باوانیان زوڵمیان لێدەکرێت و بە ئارەزووی خۆیان هەڵسوکەوتیان لە گەڵ ناکرێت و بگرە بە دڵی خۆشیان تەنانەت جل و بەرگیش ناپۆشن!

زۆرن ئەو کچانەش کە دەتوانن یان دەیانتوانی درێژە بە خوێندن بدەن و داهاتووی ژیانی خۆیان دابین بکەن و ئابوورییان مسۆگەر بێت و چاوەڕوانی دەستی باوک و برا نەبن! بەڵام بە داخەوە ئەو دەرگایەش بە هۆی کۆمەڵێک نەریتی دواکەوتووی کۆمەڵایەتی، بە سەر لەسەدا بەشێکی زۆری کچانی کورددا داخراوە و ئەو مافەشیان لێ زەوت کراوە!

ئێستاش کە سەردەم سەردەمی ماسمێدیا و ئینتێرنێت و زانیارییە، لە ژێر تەوژمی سیستەمی پیاوسالاری لە کوردستاندا، هێشتا کچانی کورد بۆیان نییە ، تەنانەت لە هەندێک خولی فێرکردنیش بەشداری بکەن کە بەڕێوەدەچێت و دەتوانێت یان هاندەر بێت بۆ ئەوەی کچان شتێکی زیاتر فێربن یان دەبێتە هۆی ئەوەی فێری کارێکی وا بن کە لانیکەمی ئابوورییان دابین بکات لە داهاتوودا!

ئەوەی ئێستا گرنگی پەیدا کردووە بۆ کچانی کورد، ووشەی " عیب" ەیە کە بووە بە کۆت و دەست و پێی ئەوانی گرتووە و بەندی کردوون و گەر ئاواش بچنە پێش، لە داهاتوویەکی دووریش هەروەک بەند لە دەست و پێیاندا دەمێنیتەوە!

بەڵێ! ووشەی " عیب" ە ، داوێنی کچ دەگرێتەوە و کچ دەبێت بە شەرەف و نامووس بۆ پیاوانی کورد و لێرەدایە کە ئیدی برا و باوک کەسایەتی و گەورەیی خۆیان لە ئاوێنەی پاراستنی شەرەف و ئاگاداربوون لە نامووسی خۆیان کە ژنان و کچانن، دەبیننەوە! تا ئەو بیرە بەهێزتر بێت، سەد هێندە ، کچان دەکەونە ژێرگووشاری زیاترەوە و هەردەم لە ژێر چاوی تیژی نامووس و شەرەفپارێزیی پیاواندان و زیاتر و زیاتر لە قوژبنیماڵەکاندا دەبەسترێنەوە!

ئەو قوژبنە چوارچێوەدارە بەرتەسکەی کە کچانی کوردی تیا گەورە دەبێت، مەودای ئەوەندە نادات بە کچانی کورد کە پێبگەن و تێبگەن و شان بە شانی پیاوان لە ئاوەدانکردنەوە و بەرەوپێشبردنی وڵاتدا ئەرکدار بن و رۆڵیان هەبێت کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا جگە لە پاشکەوتوویی، هیچی دیکە لە خۆدا جێنادات و ئاکامی ئەم دۆزەش، تا دێ و زیاتر کۆمەڵگا بەرەو رۆژەڕەشی و پاشکەوتوویی دەباتەوە!

شەهلا یارحوسێنی

رێکەوتی 16.04. 2007 ی زایینی